عەقیدەی مەولەوی

دانراوی
سەیید عەبدورەحیمی مەولەوی

لێکۆڵینەوەی
محەمەد عەلی قەرەداغی

پێشەکی

ساڵی ١٩٧٦ لە کاتی گەڕان بە شوێن بەرهەمی شاعیراندا دەست خەتێکی بچکۆلەم دەست کەوت کە بریتی بوو لە دوو عەقیدەی کوردی، یەکێکیان (عەقیدەی مەولەوی)بوو. دوای هەڵسەنگاندن و بیرلێکردنەوەو بەراوردکردن، هاتمە سەر ئەوە کە عەقیدەکەی مەولەوی بڵاوبکەمەوە، بەڵام چونکە تا ئەو کاتە نەبیسترابوو کە مەولەوی عەقیدەی وا بچکۆلەی هەبێ زۆر کەس گومانیان لەوەدا بوو کە ئەو نامیلکە دانراوی مەولەوی بێ.

بەڵام من پشت بە راو بۆچوون و لێکدانەوەی خۆم لەسەر قسەکە سوور بووم و ، پاش لەسەنووسین و رادەربڕین و روون کردنەوە نامیلکەکەم پێشکەشی کۆڕی زانیاری کورد کردو ، رێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی گرتەبەرو ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکرایەوە . دوای بڵاوبوونەوەی مشت ومڕی زۆری لەسەر کراو گەلێ کەس سوورو رەوان ئەیان وت : نابێ مەولەوی کتێبی واسادەی دانابێ. دواتریش بە نووسین ئەم گومان و دوودڵییەیان دەربڕی(١)

ئێستەیش دوای (١٥)ساڵ لەم باس و قسە خۆم جارێکی دیکەو هەر لە رێگەی گەڕان و پشکنین بە شوێن بەرهەمی زاناو شاعیرانمان دا بارێکی تر نوسخەیەکی دیکەی ئەم کتێبەم دۆزییەوە، ئەمەیش جێگەی شادمانیێکی زۆرم بوو، نەك لەبەر ئەوەی کە قسەکەم سەرکەوتوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بارێکی جێگەی باس و سەرنج یەك لا کرایەوەو، دەرکەوت پیاوی ناسراوو ناوداری وەك مەولەویش هێشتا بۆی نەلواوە کە تەواوی بەرهەمەکانی روونی بزانرێن و بناسرێن ،جا ئەبێ ئەوانەی لە پێش ئەودا ژیاون، یان بۆیان نەگونجاوە کە وەك مەولەوی بناسرێن حاڵی دانراوو بەرهەمەکانیان چۆن بێت؟!

هەروەها بەوەی کە ئەوە ساغ بووەوە کە ئەم کتێبە دانراوی (مەولەوی)یە باشترو روونتر پلەی بیرو هۆش و پەروەردەیی مەولەویمان بۆ ئاشکرا دەبێت. ئەوەتا دەبینین کە کتێب بۆ زانایان و کۆڕی کەڵەپیاوان دادەنێت گوێ هونەری رەوان بێژیو باڵادەستیی لەزانیاریی‌یە جۆراوجۆرەکانی کەلام و، مەنطیق و، فەلسەفەداو ـ لە رووی سێ زمانەوە(٢) بەکەس نادات و ،خۆی شاسواری مەیدانەکەیە. بەڵام کە دێتە سەر ئەوە بۆ منداڵان و نیمچە خوێندەواران و تێکڕای خەڵکی کوردستان بدوێ ،بە زمانێکی ئەوەندە سادەو ئاسان و رەوان دەدوێ کە خوێندوارانی ئەمڕۆ گومان لەوە بکەن کە ئەو کەڵە شاعیرە شتی وای گوتبێت!

بێ ئەوەی درێژە بەم باسە بدەم لەم دەرفەتەدا لەبەر چەند هۆیەك جارێکی دیکە ئەم نامیلکە بڵاودەکەمەوە:

یەکەم: ئەم دەقەی بەردەستمان لەسەرەتاو کۆتاییەوە بێ پێچ و پەناو بە شێوەیەکی روون ئەم نامیلکە بۆ مەولەوی دادەنێ‌و، ئەو گومانە لە بەین دەباو، وەك دەڵێن: حەق دەدرێتەوە بە خاوەنی خۆی.

دوەم: ئەو دەقەی کە جاری پێشوو بڵاوم کردەوە بە هۆی دەماودەم و دەستاو دەستەوە دەستکاریی شێوەی نووسینەکەی کراوەو ـ وەك لێرەدا دەردەکەوێت ـ زۆر لەو وشەو زاراوانەی مەولەوی بە شێوەو زاراوەی ناوچەی تاوگۆزیی گوتوونی گۆڕاون و سوواون و ، خراونەتە قاڵبی شێوەو زاراوەی سلێمانیو دەورو بەریەوە. ئەم نوسخە ـ وا دەردەکەوێ ـ زۆر دەستاو دەستی پێ‌نەکرابێ‌و، لەوانەیە لە نزیك لە نوسخەی دانەرەوە وەرگیرابێ، بۆیە زیاتر لەو شێوە دەچێت کە خەڵکی ناوچەی تاوگۆزیی ـ زێدی مەولەوی ـ پێی دواون . بەمەیش دەقێکی نزیك بەو دەقەی دانەر کتێبەکەی پێ داناوە پێشکەش بە جەماوەری گەلەکەمان و خوێندەواران دەکەین و، ئەمەیش ئامانجی سەرەکیی کاری لێکۆڵینەوەی زانستییانەیە.

سێیەم: ـ دەکرێ ئەم خاڵە بەشێك بێت لە هەر یەکێك لە دوو خاڵەکەی سەرەوە ـ نووسەرەوەی ئەم نوسخە خەڵکی ناوچەی بەخەوئەو ناوانە

بووە، هەشت ساڵێك دوای کۆچی دوایی مەولەوی کتێبەکەی نووسیوەتەوە، زۆر نزیکە کە گەڵێ جار بە خزمەت مەولەوی گەیبێت و، باس و خواستی ئەم کتێبەی لە دەمی خۆی وەرگرتبێت. بۆیە قسەو نووسینی ئەم لە ترازووی بەراوردو لێکۆڵینەوەدا سەنگێکی تایبەتی هەیەو، هەم لە رووی زمانی شاعیرەوەو هەم لە رووی ئەوەوە کە گومان لەوەدا نەمێنێ کە ئەم نامیلکە هی مەولەوی‌یە شایەتی ئەم بە شایەتی چەند کەس دەچێت.

چوارەم: کاتی خۆی کە ئەم نامیلکە چاپ کرا (١٥٠٠) دانەی لێ چاپ کراو، زۆربەی خوێندەواران هەر ناویشیان نەبیست، بۆیە کاتێك چەند ساڵێك لەمەوبەر مامۆستا کەمال رەئووف محەمەد بە تەلەفوون داوای رێگەدانی لەچاپدانەوەی ئەم نامیلکەی لێ کردم بێ سێ‌و دوو ئەو مافەم دایێ‌و، هانیشم دا کە لێی نەوەستێ.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی بە کورتیی ئاماژە بۆ یەك دوو دیاردەی زمانەوانی ناو ئەم دەقە بکەم، کە دەکرێ لەمەولا شارەزاو پسپۆرانی زمانی کوردی لە عاستیدا بوەستن و، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و، سوودی لێ وەربگرن. شایانی باسە ئەم دیاردانە لە دەقەپێشووەکە ـ واتە لە چاپەکەدا نین و کەمن و بە دەستاو دەست و نووسینەوەو نزیکخستنەوە لە شێوەی گفتوگۆی ناوچەی سلێمانی‌یەوە لە بەین براون.

یەکەم: (دە)و (ئە)لە نوسخە چاپەکەدا بە زۆری (ئە)نووسرابوو، بەڵام لەم نوسخەدا ئەمانە دەبینین:

دەوێ: دەبێ.

دەوێ: دەکرێ، یا دەبینرێ.

دەبێ: دەبیسێ.

دەکا: ئەکا.

دووەم: بەکارهێنانی (ئە)لە باتیی (لە)وەك:

ئەمەدینە: لە مەدینە.

باسێکی دەست خەتەکە:

ئەم نامیلکەی بەردەستمان بەشێکە لەدەست خەتی ژمارە (٢٤٧٠٥)ی کتێبخانەی (دار صدام للمخطوطات)ئەم دەست خەتە سێ عەقیدەی مەولەوی تێدایە بەم شێوە:

١ـ عەقیدەی مەرضیە: ئەم کتێبەی لەسەرەتاوە تا باسی (مبحث الخلافة والامامە)تێدایەو، لەوێ بەدواوە دەستی لێ هەڵگیراوەو تەواونەکراوە.

٢ـ فەوائیح: ئەم کتێبەیش وەکوو عەقیدە مەرضیەکە ناتەواوەو تا (النظرە السّادسة في بيان افضل الاصحاب ـ رضي الله عنهم اجمعين ـ)ی تێدایەو لەوە بەدواوە تەواو نەکراوە.

٣ـ عەقیدەی مەولەوی

ـ ئەم عەقیدە کە باسی دەکەین ـ

ئەم عەقیدە لێرەدا ئاوا ناونراوە: (عەقیدەنامەی موختەصەرەی کوردی). ئەم نامیلکە(١٠) لاپەرەی لە دەست خەتەکە گرتووەتەوە، لاپەرەی ١٢بەیت و زیاترو کەمتری تێدایە. بە خەتێکی فارسی‌ئامێزی جوان ساڵی ١٣٠٨ك لە لایەن ئەحمەد حەمدی بەلخەیی کوری سەید عەبدولعەزیزەوە نووسراوەتەوەو، ئەم نووسەرە بەرێزە ناوبەناو لە ماوەی چەند ساڵدا ئەم دەستخەتەی نووسیوەتەوە: چونکە لە لایەکەوە مێژووی ساڵی ١٣٠٨ی تێدایەو دوای ئەوە مێژووی ١٣١١و ١٣١٧، دەبینین.

ئەم نووسەرە بەرێزە بە تەنگ کارەکەیەوە هاتووەو، ویستوویەتی نووسراوەکەی بە دروستیی بخوێنرێتەوە، بۆیە لە گەڵێ جێگەدا کە دوو سێ شێوە ـ بە رێنووسی کۆن ـ خوێندنەوە هەڵبگرێ سەرو بۆری بۆ کردووەو گومان بری کردووە.

وەك پێشتریش گوتم ئەوەی بایەخێکی زیاترو تایبەتی بەم نوسخە دەبەخشێ ئەوەیە کە ئەم نوسخە شێوەو زاراوەی گفتوگۆی تاوگۆزیی‌و دەورو بەری، کە مەولەوی بەو شێوە دواوەو کتێبەکەیشی بەو شێوە داناوە، بۆ پاراستووین و، لەبەر رۆشنایی ئەم دەقەدا تا ئەندازەیەك ئەو شێوە دەناسین کە کاتی خۆی مەولەوی پێی دواوەو، دیارە ئەوە شێوەی گفتوگۆی ناوچەیەکی کوردستان بووە.

نامیلکەکە لەم دەست خەتەدا (١١٤)بەیتە واتە چوار بەیتی لە نوسخەکەی پێشوو زیاترە.

لە ژمارە(١٣٦٧) ی رۆژنامەی هاوکاریش دا لە ژێر ناونیشانی (عەقیدەکانی مەولەوی)دا وتارێکم دەربارەی ئەم دەست خەتە بڵاوکردەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم
ئیمان باوەرە با لێت نەشێوێ
وە شەش چشت دەوێ ئیمانت بوێ
ئەووەڵ بزانە خودا وە حەقە
بێ ماواو بێ چوون تەنیاو موتڵەقە
بێ میسل و شەریك بێ دایەو فرزەند
بێ جێگەو حازر بێ باب و پێوەند
خۆی وە خۆی بووگە، نامرێ، دەمێنێ
وە بێ چاوو گوێ دەبیێ‌و دەوینێ
لە خشەی پای موور ئاگاو خەوەردار
ساحیب رەحمەت و، غەضەب بێ شومار
پەیدا کونندەی دنیاو هەرچی هەس
ئادەمی‌و، وەحشیی، پەلەوەر، مەگەس
ئیجادیان دەکاو، دەیان مرێنێ

غەیر لە زاتی خوّی هیچ کەس نامیٚنی
باوەرت بویٚ ئەمانە حەقە
لەمە زیاتر بوّی مەچوّ رەقە
عەقلّی ناتەواو ئیٚمە نایزانیٚ
کونهی ذاتی ئەو چلوّنە، یانیٚ:
بوّ عەقلّی ئیٚمە خودا شوناسین
هەر ئەوەند دەویٚ بزانە یەقین

دربیان ایمان برسول صلی‌الله علیه وسلم (٣)

ئەمجار باوەرت بویٚ بە پیٚغەمەر
رەسوولی راستە بوّ خودای ئەکبەر
خوّی (محمد)ە باوکی (عبدالله)
(عبدالمطلب)باوای، لەویٚ و لا:
(هاشم)ی ناوە، زەریف بزانە
دایکی شەریفی ناوی ئامینە
جەمالی حەزرەت ئەدوت شوعلەی نوور
شیٚوەی زەریفی چەرمگەو هەم سوور
پیٚشانیی وەك خوّر ساف و شوعلەدار
چاوو، بروّو، ریش زەریف قەتران کار
سوورەت سیمی ساف گردو مودەوەر
میانەبالاّ، بیٚ سیٚوەر وەك خوّر
لە مەککەی شەریف پەیدابوو سەروەر
لە چل سالّەدا بوو وە پیٚغەمەر
لە دوای دوازدە سالّ لە مەککە بەند بوو
ئەمجار تەشریفی ئە مەدینە چوو
یازدە سالّ دانیشت تەشریفی لەویٚ
وەفاتی لەویٚ، عومری شەست و سیٚ
تەحقیق بزانە ئاغە ئەوەو بەس
رەسوولی خودا رەهبەری ئیٚمەس
زانینی شەش چشت ئەسلّی ئیمانە
ئەمە لەو شەشە هەر یەکیٚکیانە

در بیان ایمان بملائکه (٤)

دووەم: ئەمەسە عەقیدەو باوەر
بکەی، بزانی مەلەك هەس ئەسەر
[مەلەك مەلائیك ئە ئاسمانان]
[وەها پر بووگە تەنگە جیٚگەیان(٥)]
لە ئاسمان یانی واپر ویٚساگە
ئەوەند پیٚ دانیی جیٚگە نەماگە
گشت لە ذیکرو فیکر حەیبی بیٚ زەوالّ
شەوو روٚژیان لیٚ بووگە بەتالّ
لە تەهلیلەو زیکر تەسبیح و تاعەت
ساتیٚ درنگیٚ(٦)نیەن فەراغەت
بیٚ خوردو بیٚ خەو، بیٚ نیٚرو بیٚ میٚ
پەریان هەس ئەوان: دوو دوو و سیٚ سیٚ
بەعزیٚ نە بەهەشت خەزیٚنەدارن
لە جەهەننەمدا بەعزیٚ سەردارن
چواریان عەرشیان وە دەس دریاگە
چوار تر ئەمریان پیٚ سپیٚریاگە
ئەووەلّ جوبرەئیل ئەمەنیٚنی رەهبەر
لە لای خوداوە ئەلای پیٚغەمەر
دووەم: ئیسرافیل سووری ها وە دەس
پفی پیا دەکا (٧) دەمریٚ هەموو کەس
سیٚیەم: میکائیل روزیی بەش دەکا
وە هەرکەس نسیب خوّی بەشی ئەدا
چوارەم: عیزرائیل (قابض الارواح)
هەر چوار موقەرەب لە قاپیی فەتتاح
چواری تریان (کرام الکاتب)
خەیرو شەر نویٚس، بزانە واجیب
وتمان شەش چشت ئەسلّی ئیمانە
ئەمە کەوتمان هیٚمای (٨)دوٚوانە

در بیان ایمان بکتب(٩)

سیٚیەم: قورئانان بوّ پیٚغەمەران
باوەرت بویٚ هاتگە(١٠) بوّیان
سەدوّ چوار جەلّد قورئانی شەریف
بوّ پیٚغەمەران راسە بیٚ تەکلیف
دە بوّ (ئادەم)هات، پەنجا ئەسەر (شیث)
دە بوّ (ئیبراهیم)سی هەم بوّ (ئیدریس)
بوّ (داود)، (زەبوور)، (تەورات)بوّ (مووسا)
نازلّ بوو (ئینجیل)ئە سەری (عیسا)
قورئانی شەریفتا هات بوّ (محمد)
قورئان لە گشتیان شەریفتر بیٚ حەد
راستەو دروستە قاوە روٚی حەشر
ماگەو نەمیٚنیٚ بیٚ زیادو کەسر
لە ئەسلّی ئیمان ئەمە سیٚیانە
وە عەقیدەی دلّ خاسی بزانە

دربیان ایمان برسل (١١)

چوارەم: ئەمەسە عەقیدەو ئیمان
باوەرت بویٚ بە پیٚغەمەران
سەدو بیست و چوار هەزار پیٚغەمەر
قەرار دریاگن زەریف موعتەبەر
سیٚەدو سیٚزدە لەوانە کە هەن
ئەمریان پیٚ کریاگە نەسیحەت بکەن
لەوانیچ پیٚنجیان لە (اولو العزم)ە
زیاتر لەوان بە عەزم و جەزمە
ئەو پیٚنجە: (نوح)و (ئیبراهیم، مووسا)
(عیسا، محمد)بزانە ئەوسا
محمد خاستر شەریفتر لەوان
ئوٚمەتی خاستر لە ئوٚمەتییان
هەرگیز لە جەنگدا شکستی ناورد
لە غەزای کافر پشتی هەلّنەکرد
ئەو شەو لە میعراج چوو بوّ ئاسمان
گەیشتە حوزوور خودای لامەکان
ئەوە رەزای بو حەضرەتی خودا
وتیو، شنەفتی خوّی پیٚ نیشان دا
ئەمجا بزانە لە دوای پیٚغەمەر
خەلیفە بووگن چواری موعتەبەر
ئیمام (ئەبوبەکر)هەم ئیمام (عومەر)
ئیمامی (عوثمان)ئیمامی(حەیدەر)
هەر چوار رەفیق و یاری پیٚغەمەر
جادارو نایب رەسوولی سەروەر
لەوەولا جگەرگوٚشەی حەزرەتن
حەسەن و حوسەین ساحیب شوٚرەتن
باقیی ئەسحابان گشت بە رەحمەت چوون
بە دیداری پاك پیٚغەمەر شاد بوون
بوّ دینی ئیٚمە گشتیان سەروەرن
گشتیان شەریفن، خاس موعتەبەرن
ئیمامی ئوسوولّ (ئەشعەریی)و (مەنصوور)
تەقلیدی قەولیان بکە بیٚ قوسوور
ئیمامی مەذهب چوارن وە تەمام
رەهنومای ریٚگەن بوّ دینی ئیسلام
ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفەس
شافیعیی و مالیك ئەحمەدیچیان هەس
مەذهەبیان حەقە هەر چوار سەروەر
ئیزهاریان کردگە دینی پیٚغەمەر
ئەمجار بزانە یەقین حاسلّە
غەیر لەوان مەذهەب ئیتر باتلّە
فتوای شافیعی مەزهەبی ئیٚمەس
ئەو سیٚ هەم حەقن مەزهەبیان هەس

هەرکەس تابیع بێ یەکێ لەمانە
نەوێ وە تاقی ئەو پەشیمانە
ئەکەرامەتان فرە بێ شومار
راستەو دروستە وە شەرعی موختار
ئەم چوار چشتە ئەسڵی ئیمانە
دووی تریان ماگە خاسی بزانە

دربیان ایمان بمردن و حشر جسمانی (١٢)

پێنجەم: ئەمەسە باوەڕت بوێ
گشتمان دەمرین حەشرمان دەوێ
گۆڕەوشاری قەور بۆ گشت کەس تەواو
گۆڕ دەیوشێرێ چ خاس چ خەراو
لە قەورا - بزان - لێمان دەپرسن
خوداوو رەسوول هەم دین و ئایین
هەرکەسێ جواوی داوە ئامادە
دەرساعەت قەوری دەوێ گوشادە
دەرێ لە بەهەشت ئەقەوری دەوێ
جێگەی خوی هەردەم چاو پێ دەکەوێ
هەرکەسێ شیرین جواوی نەدا
عەذاوی ئەدەن (نعوذ بالله)
دەرساعەت قەوری تێت و تەنگ تێرێ
پالووی چەپ و راس لە یەك ئەوگرێ(١٣)
کونی تێ دەوێ قەوری ئەو دەردەم
جێی خوی دەبینێ لە ناو جەهەننەم
راسە وە تاقی قەولی پێغەمەر
فەرمووگیە یەك - یەك نیشانەی مەحشەر
دەججالی لەعین تێتە رووی دنیا
ئەویچ گەلێ کەس لە رێ لا ئەدا
بۆ شەرافەتی رەسوولی نازدار
عیسا لە ئاسمان چوارەم دێتە خوار
دەججالی لەعین دەکوژێ وە عەسا
محەمەد مەهدی دین رەواج ئەدا
خۆر لە لای مەغریب ئەو وەختە هەڵتێ
ئیتر تۆبەی کەس قەبووڵ ناکرێ
[لەوێودوا دنیا گشت ئاخر دەوێ]
[غەیری زاتی حەق هیچکەس نامێنێ]
حیساب و کیتاب عەمەلی ئیسان
تەحقیق بزانە ئەدرێ لە میزان
هەرکەس خراوەی فرە زیاد وێ
وە عەزاوی سەخت گرفتار دەوێ
پردی سیراتە گوزەرمان ئەمجار
لەسەر جەهەننەم دریاگە قەرار
هەرکەسێ خودا لایەقی دیگە
وەها دەوگرێ(١٤)چمان نەی‌دیگە
تا داخڵ دەوێ ئەویچ ئەو بەهەشت
لە باغچەی بەهەشت سەیران دەکا گەشت
هەرکەس گوناکار بوێ شەرمەسار
پێی هەڵ دەخلیسکێ دەکەوێتە خوار
ئەویچ ناو ئاگر جەهەننەم دەچێ
وە داغ و درێغ گرفتار دەوێ
بەهەشت و دۆزەخ باقین دەمێنن
ئەهلی ئەوانیچ باقیی ئەبەدین
ئەهلی بەهەشتی ئەوەند خۆشیانە
وە لیقای خودا شادن ئەوانە
ئەهلی جەهەننەم بەدکارو بەدبەخت
گرفتار دەوێ وە عەزاو سەخت
ئەمیچە [illegible]ی ئوسولی ئیمان
فەرزە زانی[illegible] بۆ گشت موسوڵمان

دربیان [illegible]ن بقضاو قدر (١٥)

شەشەم [illegible] ئیمان بە قەدەر
هەرچی [illegible]ند بیکا موقەددەر
بێ تەقدیری ئەو چ خێرو چ شەڕ
هەرگیز ناوێ (ابدا)موقەددەر
خاسی بزانە ئەمە گرانە
شەڕ لە خراویی نەفسی خۆمانە
یانی بنی‌ئادەم موختار کریاگە
خاس و خراوی نیشان دریاگە
ئەگەر بکۆشێ خراوە بکا
حەق رەزای نیە، موقەددەر دەکا
زەریف بزانە ئەم قسە، بۆچی؟
تا لە عەقیدەی ئیسلام دەرنەچی
ئاخر خوداوەند سرپۆشی سەتتار
پێمانی داگە جوزئی ئیختیار
خاص و خراوی هەم نیشان داگین
دوو رێگەی حەقی بۆ دانیاگین
ئیختیاریچمان هەس هەم دەیچی‌زانین
هەر کامی دەکەین خۆمان ئەیزانین
یانی موختارین [illegible]ورەخەس بووگین
ئەگەر خەیر دەکەین ئەر بۆ شەڕ چووگین
[ئەمجا بزانە ئەوسا لەو دنیا]
[خەیرمان وە خاسە ئەو جەزا دەدا]
شەرجو وە عەزاو[illegible] سەخت گرفتار
جێگەی دۆزەخەو خواردنی ژار
سا خودا وە عیشق نووری پێغەمەر
لە خراویی نەفس لامان دا یەکسەر
ئەمە شەش چشتە وتمان بۆ ئیمان
[ئەمجار گوێت پێ وێ زەریفی بزان]
[ئەسڵی پەنجەو هەم ئەسڵی ئیمان]
ئەمە روکنیکی ئیسلامە گشتیان
دەوێ بزانی ئیسلام شەش روکنە
ئەووەڵ لەم شەش روکن (١٦) باوەڕکردنە
دوەم نوێژبکە قەد [مێ و(١٧)گێرە!]
رۆژی پەنج فەرزە تۆ وەجێ بێرە
روکنی سێ‌یەمین هەم بۆ موسوڵمان:
واجبە رۆژگ مانگی رەمەزان
روکنی چوارەم: سەرفیترەو زەکات
بیدەی وە گەدای(واجب الخیرات)
پێنجەمین : حەج و غەزا (١٨)بزانە
حەج واجب لەسەر دەوڵەتمەندانە
دەوڵەتمەند دەوێ بەش بکا ماڵی:
تۆشگی رێگەی، خەرجی منداڵی
ئەصڵ و فەرعی دین: ئیمان و ئیسلام
وە تەوفیقی حەق بووگە وە تەمام
سا خودا وە عەشق پیری تەریقەت
تۆفیقمان بدەی بۆ رێی حەقیقەت

دوڵتمند دوی بش بکا ماڵی / توشگی ریگەی خرجی منداڵی
اصل و فرع دین ایمان و اسلام / و توفیق حق بوگە و تمام
سا خدا و عشق پیر طریقت / توفیقمان بدی بو ری حقیقت
[illegible]

تمت شد کتاب عقیده نامهء مختصره از کلام جنت مکان مولانـــا مولـــوی المشهـــور في الافـــاق اسمـــه : السيـد عبـدالرحيم ـعليه الرحمة ـ في سنة ثلاثمائة واحد عشر سنين(!) بعد الف في شهر شوال يوم حادى عشر يوم الاربعاء وقت الغروب اه من الموت [19] آه!

پەراوێزەکان :

(١) بۆ نمـوونـه : خوا لێ خۆش بوو مامـۆستـا فاتیح عەبدولکەریم کە خەریکی عەقیدەی مەرضیەکـەی باوکی بوەو، لەپێشـەکیەکـەیدا باسی دانـــراوەکـــانی مەولـەوی کردوە، ئەم عەقیدەی مەولـەویەی کە ئێستـە پێشکـەشتـانی دەکـەین، بە دانـراوی مەولەوی نەزانیوە، بۆیە لە رزی دانراوەکانی مەولەویدا باسی نەکردوە. نەك هەر ئەمە بەڵکو لە پەراوێزی وتارەکەی میهرەجانی مەولەویدا خواڵێ خۆش بوو ئاوای نوسیوە:

لە ناومـەلاو فەقێی ناوچـەی هەڵـەبجەو شارەزوورا باوە مەولەوی عەقـیدەیەکـی کوردیی کورتـیشـی هەیە. برامـــان شێخ محمـــد علی قەرەداغی یش عەقیدەیەکی ٢٠لاپەرەیی بە ناوی (عەقیدەی مەولەی)یەوە لەچـاپ داوە سەرەتـاکەی ئەمەیە(ئیمان باوەرە بالێت نەشێوێ)بەڵام ئەم (ئیمان باوەرە)یە لە ناو خەڵکا باو بوو و نەیشیان ئەوت هی مەولەوی یە.

. من باسی نە ئەو عەقیدە کوردی یەو نە عەقیدە لە چاپدراوەکەی شێخ عەلیم لە وتارەکەما نەکرد چونکە بۆم ساغ نەبوەتەوە مەولەوی عەقیدەیەکی بچووکی هەبێ و ئەو عەقیدەیش(ئیمان باوەرە)بێ . .)بروانە:

میهرەجانی مەولەوی ،چاپخانەی (الزمان)بەغدا ١٩٨٩ل: ٤٥.

لە پەراوێزی ئەم پەراوێزەدا بە سەر ئەوەیش دا ناڕۆم کە فۆتـــۆوی عەقـیدەیەکـی تری مەولـــەویم لایە کە لە نێوان ئەم عەقـیدەو عەقـیدە مەرضیەکـەدایەو، نزیکـەی (٦٠٠)بەیتەو، لەگەڵ عەقیدە مەرضیەکەدا سووکـە بەراوردێکم کرد، ئەوەی بیرم بووی چوو ئەوەیـە کە لەوانەیە گوڵبـژێرێکی عەقیدە مەرضیەکە بێت؛چونکە ئەم بەیتانەی ئێرە لەگەڵ بەیتەکانی ئەوێدا وەك یەکن و، هیچ جیاوازییان نیە، ئەوەی لە دەسخەتی ئەم گوڵبژێرەوە وەرناگیرێ ئەوەیە کە نازانرێ/کێ گوڵبژێرەی کردوە؟ئایا مەولـــەوی خۆی کردوویـــەتی و نووســـەرەوەی دەست خەتـەکـە باسی نەکـــردوە، . .

یان یەکێکی دی دوای مەولەوی ئەو کارەی کردوەو ناوی نەنووسراوە؟ ئەمـە هەر وەك ئاگـادارکردنەوەیە دەنووسم و بەڵکو لەمەولا نوسخەی دیکـەی دەست بکەوێت و تیشك بخاتە سەر ئەم باسەیش و جارێکی دیکە حەق بدرێتەوە بەخاوەنی.

(٢)مەولەوی سێ شاکاری بە زمانەکانی: عەرەبی و، کوردی و، فارسی لە عەقیـدەی ئیسـلامیـدا دانـاوە. یەکەمیان (الفضیله)کە عەقیدەیەکی عەرەبی یـەو، پتر لە (٢٠٠٠) بەیتـەو مامـۆستـا مەلا عەبـدولکـەریمی مودەڕیس شەرحێکی تێرو تەسەلی لێ کردوەو ساڵی ١٩٧٢لە چاپخانەی (الارشاد)لە بەغدا چاپ کراوە.

دوەم: (عەقیدەی مەرضی یە) ئەمەیش کتێبێکی عەقیدەیە بەزمانی کوردی و(٢٠٠٠)بـەیت زیاترەو جاری یەکەم محێدین صەبری نعێمی چاپی کردوەو ، جاری دوەم مامـــۆستـا مەلا عەبـدولکـەریمی مودەڕیس بە لێکدانەوەیەکی

فراوانەوە ساڵی ١٤٠٧ك ١٩٨٨ز. بە کۆششی خواڵێخۆش بوو مامۆستا فاتیحی کوڕی چاپی کرد.

سێیەم: (فوائح)ئە کتێبەیش عەقیدەیەو بە زمانی فارسی دانراوەو مامۆستا مەلا عەبدولکەریم شەرحێکی باشی لەسەر ئەمەیش کردوەو ئامادەیە بۆ چاپ.

(٣)لە بارەی باوەڕکردن بە پیغەمەرەوە

(٤) لە بارەی باوە ڕکردنەوە ب، بە فریشتەکان.

(٥) ئەم بەیتە لە نوسخە چاپەکەدا نیەو ، لەم نوسخەدا چوار بەیت هەن کە لەوێ نەبوون و لێرەدا بڵاویان دەکەینەوەو بۆ جیاکردنەوەیان لە نێو کەوانەی وەك ئەم کەوانانەد [ ] دایان دەنێین.

(٦)لـە نوسخـە چاپەکەدا ئەم وشە (ورنگێ)بوو و، بەو شێوە مانامان لێـدایەوەو ،وای بۆچووین کە لە جێگەی دەقیقە یان ثانیەدا هاتبێت. ئەمەیش ئەگەر (ورنگ)نەبێت و (درنگ)بێت هەر هەمان ماناو مەبەست ئەبەخشێ.

(٧)لە چاپەکەدا ئیسرافیل سێیەمەو، میکائیل دووەمە.

(٨)لە چاپەکەدا (هێیا ن)نووسراوە

(٩) لە بارەی باوەڕکردن بە کتێبەکانەوە

(١٠)ئەمەیش لەچاپەکەدا (هاتگن)ەو ئەمەش راستترە.

(١١)باسی باوەڕکردن بە پێغەمەرەکان ـد ـ.

(١٢)باسی باوەڕکردن بە مردن و زیندوکردنەوەو لێپرسینەوە.

(١٣)ئەم بەیتە لەگەڵ چاپەکەدا جیاوازیی هەیەو، جیاوازییەکە نەختێ دیارە بۆیە لێرەدا بەتیەکە بە ڕێنووسی دەست خەتەکە دەنووسم و دواییش وەك چاپەکە دەینووسم:

دەست خەتەکە:

در ساعت قوری تیتوو تنك تیري

پالوي چپ را س لیك اوگريِ

چاپەکە:

دەر ساعەت قەور بۆ ئەو تەنگ ئەوێ

پاڵووی چەپ و راست لە یەك ئەدرێ

(١٤) ئەم وشە لە چاپەکەدا (ئەگورێ = تێ ئەپەڕێ)یەو لێرەیشدا بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنراوە.

(١٥) باسی باوەڕکردن بە قەزاو قەدەر.

(١٦) ئەمە لە دەست خەتەکەدا(ڕوکنە)نووسراوە . بەڵام بۆ کێشی بەیتەکە دەبێ وای لێ بکرێت.

(١٧)ئەمە لە چاپەکەدا (تۆ مەبۆ گیرە)نووسراوەو، لێرەدا وەك ئەوەی سەردوە

نووسراوه كه به رێنووسه‌كه‌ی خۆی نووسیبان، ره‌نگه(مه‌ی‌وه گێره)بێت و مه‌به‌ستی فه‌وتاندن و نه‌كردن بێت.

(١٨) غه‌زا یان جیهاد له مه‌ذهه‌بی ئه‌هلی سوننه‌تدا له روكنه‌كانی ئیسلام نیه‌و، ته‌نها له مه‌ذهه‌بی (جه‌عفه‌ری)دا به روكن دانراوه. ئه‌م وشه له چاپه‌كه‌دا وا نیه‌و له‌وێ (خاصی)یه

(١٩)واته: ته‌واو بوو كتێبی كورته‌ی عه‌قیده نامه، له فه‌رمایشتی به‌هه‌شتی گه‌وره‌مان مه‌وله‌وی ناسراوی هه‌موو لا، كه ناوی سه‌یدعه‌بدوره‌حیمه - ره‌حمه‌تی خوای لێ بێ - له كاتی خۆرئاوابوونی رۆژی چوارشه‌مه‌ی یازده‌هه‌می مانگی شه‌والی سالی ١٣١١دا. ئاخ له مردن، ئاخ!

تمّ کتاب عقیده نامه منظومه بحمد الله من فضایل انتساب المرحوم المبرور السید عبد الرحیم المشهور بمولوی التاوجوزی رحمه الله تعالی رحمة واسعة یدخله الجنة الاعلی فی جوار الصدیقین من النبیین علیهم الصلوة والسلام وعلینا وافاض من برکاتهم مسبلة علینا آمین
فی سنه ١٣١٢ فی اوائل شهر ربیع الاول
وانا الضعیف المذنب المحرر احمد حمدی البلخی ابن السید عبد العزیز رحمة الله

بسم الله الرحمن الرحیم

فەرهەنگۆك
پیتی ئەلف

ئە: بۆ. لە
ئەبوحەنیفەس: ئەبوحەنیفەیە
ئەمەدینە: بۆ مەدینە
ئەمەسە: ئەمەیە
ئەدوت: ئەتوت، ئەڵێی
ئەحمەدیچهان: ئەحمەدیشهان
ئەکبەر: گەورە
ئەکەرامەتان: لە کەرامەتان
ئەوگرێ: ئەدرێ، ئەکرێ
ئەقەوری: لەقەوری
ئیمەس: ئیمەیە

(بێ)
بووگە: بووە.
بووگن: بوون.
بووگین: بووین
بوێ: ببێ
بێ چوون: بێ وێنە، بێ ئەندازە
بیرە: بینە

(پێ)
پالوو: پەراسوو
پای: پێ
پەنجەی: پێنجەی
پێوێ: ئێبێ
پەیداکوننده: پەیداکەر، بەدیهێنەر
پێشانی: ناوچاو
پێوەند: کەسوکار

(تێ)
تاقی: تاقیق بێ گومان
تۆشگی: تۆێشووی
تێتە: دێتە، بێتە
تێرێ: دێنێ
تێت: دێت
(جیم)
جێدار: جێ‌دار، جێگرەوە

(چ)
چلۆنە: چۆنە
چەرمگ: سپی
چووگین: ڕۆیشتووین
(خێ)
خەوەردار: خەبەردار، ئاگادار
خورد: خواردن

(دال)
داگە: داوە
داگین: داوین
دائیاگین: داناوین
دریاگە: دراوە
درنگێ[یان ورنگێ]: چرکەیەك، ئانیەیەك
دریاگن: دراون
دەرساعەت: دەسبەجێ
دەوێ: دەکرێ، دەبینرێ، دەبێ ڕوودەدا
دەوینێ: دەبینێ
دەیوشێرێ: دەیگوشێرێ
دیگە: دیوە
دەبیێ: دەبیسێ
دەردەم: دەسبەجێ
دەوگرێ: دەگورێ، تێ‌دەپەڕێ، رادەبوورێ
دەبچیزانین: دەیشیزانین

(ڕێ)
ڕۆژگ: ڕۆژوو

(سین)
سپێریاگە: سپێرراوە
سیم: زیو
سێوەر: سێبەر
(شین)
شەرجۆ: شەرخواز
شنەفتی: بیستی
(ظێ)
ظەریف: زەریف، چاك جوان

(ڤێ)
ڤەرزەند: کوڕ، نەوە.

فرە: زۆر
فەرمووگیە: فەرموویە
(قاف)
قەترانکار: قەترانی، رەش
قەور: قەبر، گۆڕ
(کاف)
کریاگە: کراوە
کردگە: کردوە
(گاف)
گێرە: دواخستن، فەوتاندن

(لام)
لەوانیچ: لەوانیش
لەوێولا: لەوێ‌بەولاوە
لەوێودوا: لەپاش ئەوەوە
(میم)
ماگە: ماوە
موور: مێرووله
میانەبالا: بالاناوەندیی، نەکورت و نەدرێژ
مەگەس: مێش
(نوون)
ناوەرد: نەهاورد، نەهێنا
نویس: نووس
نەشیوێ: تێك نەچێ
نەماگە: نەماوە
نەیدیگە: نەیدیوە
نی‌یەن: نی‌یە.
نە: لە
(واو)
وە: بە
وێساگە: وێساوە، وەستاوە
وێ: بێ
(هێ)
هاتگە: هاتووە
هێیای، هێیان: هێشتا
همس: هەیە
هەڵتێ: هەڵدێ

سەرچاوەکان :

١- عقیدەی مرضیە، دانراوی سید عبدالرحیمی مەولەوی ، شەرح و یکۆلینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، پیداچوونەوەو دارشتنەوەو پێشەکی‌و پەراوێز بۆ نووسینی فاتح عبدالکریم، بەغدا، چاپخانەی (الخلود) ١٤٠٧ی‌هـ - ١٩٨٨ی‌ز.

٢- العقیدة المرضیة، تألیف العلامة فقید العلم والادب السید عبدالرحیم الحسینی الشهیر بالمولوی المتخلص بالمعدوم، مطبعة السعادة مصر، ١٣٥٢.

٣- الوسیلة فی شرح الفضیلة في علم اصول الدین للعلامة السید عبدالرحیم الکردی الملقب بالمولوی تالیف الشیخ عبدالکریم محمد المدرس ، بغداد مطبعة الارشاد ، ١٣٩٢هـ ١٩٧٢م.

٤- عەقیدەی مەولەوی، دانراوی سەیید عەبدول رەحیمی مەولەوی ئامادەکردنی محەمەدعەلی قەرەداغی ،چاپی یەکەم: چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧ .

٥- میهرەجانی مەولەوی ، کتێبی ژمارە(١)ی گۆڤاری(رۆشنبیری نوێ)چاپخانەی(الزمان)، بەغدا، ١٩٨٩ .

٦- رۆژنامەی هاوکاری ،ژمارە ١٣٦٧، ٩٩٢/١/٣٠ .

٧- دەست خەتی ژمارە (١٨١٠١)ی «دار صدام للمخطوطات»و چەند کەشکۆڵ و دەست خەتێکی کتێبخانەی تایبەتی خۆم.

العقيدة المولوية

خلاصة البحث

محمد على القراداغى
٩٩٢/٥/٤

قبل خمس عشرة سنة عثرت على مخطوطة تحوى منظومتين باللغة الكردية تنسب احداهما للشاعر المبدع مولوى، فكتبت لها مقدمة مبيناً رأيي انها - حقا - عقيدة مولوي ثم علقت عليها بعض التعليقات وقدمتها الى المجمع العلمي الكردي ، فاخذت طريقها الى النشر . وماان وصلت الى ايدى القراء والباحثين حتى اثيرت الشكوك حول كونها لمولوي، .وجرى في ذلك نقاش ،حتى وصل الشك الى صفحات الجرائد ومتون وهوامش الباحثين.

وقبل فترة عثرت على مجموعة عقائد لمولوى فاذا بها تضم - ضمن ماتضم - تلك العقيدة التي نشرتها وطعن في نسبتها الى الشاعر المذكور، ونجد في بداية تلك العقيدة ونهايتها مايرفع الشكوك ويزيل الاوهام وينص على انها عقيدة مولوى وتاتي تلك الشهادة وذلك البيان من شخص عاصر المولوى وكتب عقيدته بعد وفاة مولوي ببضع سنوات.

وهذه النسخة - فضلا عن انها تعيد الحق الى صاحبه - فيها مميزات اخرى تجعلها جديرة بان تنشر ثانية لتكون في متناول الباحثين في تاريخ الادب الكردى ولغته. من تلك المميزات انها تحافظ - الى حد كبير - على تلك اللهجة التي كان مولوى واهل منطقته يستخدمونها في تحاورهم كما يشاهد فيها الممعن في البحث شواهد على بعض مراحل تطور اللغة الكردية.